# پێوەندیی نێوان زانستی کەلام و زانستی زمان

**پ. ی. د. هیوا عەساف**
**(زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی پەروەردە/ شەقڵاوە)**
**( ١- ٢ )**

## سەرەتا

ئـەم باسـە بابەتێکی تیۆریـی بەراوردکارییـە، تێیـدا دوو زانسـتی جیـاوازی دوو بـواری جیـاواز بـەراورد کـراون و هاوبەشـییەکانی نێوانیـان لـە ڕووی میتـۆد و سـنوور و کەرەسـتەی لێکۆڵینـەوەوە خراوەتـەڕوو، ئەوانیـش زانسـتی کـەلام و زانسـتی زمانـن. زانسـتی کـەلام زانسـتی لێکۆڵینـەوە و پشتڕاستکردنەوەی دەقە پیرۆزەکانـە، بۆیـە کاری کەلامزانـەکان تاڕادەیـەک هاوشـێوەی کاری زمانەوانانـە، تەنیـا لـە ئامانجـدا جیـاوازن.

لێکۆڵینـەوەی زمـان و شـیکردنەوەی دەق لای کەلامزانـەکان بـە سـەلماندنی بیـروڕا و دوورخسـتنەوەی گومـان لـە دەقـە پیـرۆزەکان و بنەماکانـی بـاوەڕ و ئایین ئامـراز بـووە، کـە ئـەم بنەمایـە لـە زمانەوانیـدا پشـتی پـێ نابەسـترێت، بـەڵام لـە کۆتاییـدا بەشـێکی کاری کەلامزانـەکان دەچێتـە خانـەی لێکۆڵینـەوەی زمـان و کاری زمانەوانییـەوە. لـەم باسـەدا هەندێـک لـەو هەوڵانـە و ڕووی لێکچوویـان لەگـەڵ زمانەوانیـدا بـاس دەکەیـن.

## ڕیشەی زانستی کەلام و زانستی زمان

زۆر جـار زانسـتی کـەلام وەک (فەلسـەفەی ئیسـلامی) ناودەبرێت. بەگشـتی زانسـتی شـیکردنەوە و تێگەیشـتنی دەق و مەسـەلە (بابەتـە) ئایینییەکانـە لـە پێنـاوی سـەلماندنی بیـروڕا ئایینییـەکان و دوورخستنەوەی گومان و ڕەخنـەکان لـە ئاییـن، لەمەشدا پشـت بـە سـەلماندن و بەڵگـەی عەقڵـی و نەقڵـی (دەق) دەبەسـترێت. (کـەلام) وشـەیەکی عەرەبییـە، ئێسـتا بێجگـە لـە عـەرەب لای هەندێـک میللەتـی تریـش وەک زاراوەیەکـی تایبـەت بـە فەلسـەفەی ئیسـلامی و عەرەبـی بەکاردێت، بـەڵام ئەمـە واتـای ئـەوە نییـە، کـە ئـەم زانستە تەنیـا تایبـەت بێـت بـە عـەرەب و داهێنـراوی عـەرەب بێـت.

(کەلام)، وەک وشە و وەک زاراوە لە ناو عەرەبدا بە جۆرێـک بەکارهاتـووە، کـە ((مانـا دەقاودەقەکـەی قسـەکردنە. لـە وەرگێڕانـە عەرەبییەکانـدا بـۆ کارە فەلسـەفییە یۆنانییـەکان لـە بەرانبـەر لۆگـۆس بـە هەمـوو ماناکانییـەوە چ بـە مانـای وشـە (word)، چ بـە مانـای عەقـڵ (reason)، چ بە مانـای ئارگومێنت (argument) بەکارهاتـووە، هەروەهـا وشـەی

(متكلم، متكلمین) بۆ کەسێک و بۆ گرووپێک لە شارەزایانی ئەم بوارە بەکارهاتووە، ئیدی ئەو کەسانە لە موسوڵمانەکان، یان لە مەسیحی و جووەکان بووبن)) (هاوژین، ٢٠١٠، ل١١).

چەند ڕوانگەیەک بۆ هۆکاری ناونانی (زانستی کەلام) لای موسوڵمانان هەیە؛ دەڵێن بەهۆی ئەوەوە بووە، کە سەرەتا بەهۆی زۆری کەلام (قسە)ی موسوڵمانانەوە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان زانستەکە پەیدابووە، یان زانایان توانیویانە (کەلامی ڕێکخراو) بە بەڵگە بخەنەڕوو، یان قسەکردن لەسەر پرس و (کەلامی خودا) هۆکاری سەرهەڵدانی بووە، یان (ئیبن خەلدوون) دەڵێت «لەبەر ئەوە ناونراوە زانستی کەلام، دیالۆگ و جەدەلی داهێنەرانەی تێدایە» (ڕەمەزان، ٢٠١٧، ل٢٣- ٢٥).

هەرچەندە هەندێک لە لێکۆڵەران ئەم زانستە بە داهێنانی موسوڵمانان دەزانن و پێیان وایە ئەگەر ئیسلام نەبووبا، ئەم زانستەش نەدەبوو (فیصل، ١٩٧٧، ص٧)، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەگەر (کەلام) قسە و دەق بێت، لە بنەڕەتدا تەنیا دەقی ئایینی بە زمانی عەرەبی و تایبەت بە ئیسلام ناگرێتەوە، تەنانەت ((مووسای کوڕی مەیموون ئەم زاراوەیە (متکلمین) بۆ یۆنانییەکانیش بەکاردەهێنێت، ئەوانەیان کە لە بواری کێشە و پرسە کەلامییەکاندا بەڕاشکاوی بۆچوونیان هەبووە)) (هاوژین، ٢٠١٠، ل١١). بەم پێیە (کەلام) قسە و دەقە، (زانستی کەلام) زانستی لێکۆڵینەوەیە لەو قسە و دەقانە، (متکلم، متکلمین)یش ئەوانەن، کە لەو بوارەدا کاریان کردووە. سەبارەت بە پێوەندیی زانستی کەلام بە زانستەکانی تری فیکری ئیسلامییەوە، ڕا و پۆلێنی جیاواز هەن، هەندێک لە توێژەران پێیان وایە (زانستی کەلام لەگەڵ (فەلسەفەی ئیسلامی، بنەچەی ئایینزانی/ فقە، سۆفیگەری)دا هزری ئیسلامی پێکدەهێنن)، (محەمەد ، ٢٠١٣، ل١٠٤)).

زانستی کەلام بەرانبەر (لاهوت)ی مەسیحی دەوەستێت، (ڕەمەزان، ٢٠١٧، ل١٨)، لەسەر ئەو بنەمایە هەندێکیش باوەڕیان وایە ئەم زانستە ((بەر لەوەی خەرقەی ئیسلامی بە بەردا بکرێ و ناوبنرێ زانستی کەلام، خوێندن و بەکارهێنانی لای کریستیانییە مەسیحییەکان هەبووە و لە وردەکارییەکانی لاهووتی ئەوانی کۆڵیوەتەوە))، (حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل١٦)، واتە بەر لەوەی ئەو ناوەی بەبەردا ببڕێت، هەمان میتۆد لە لێکۆڵینەوە لاهووتییەکاندا پەیڕەوکراوە و پێشینە و مێژوویەکی قووڵی هەیە، بۆیە زانستی کەلام و (متکلم، متکلمین) تەنیا تایبەت نین بە عەرەب و موسوڵمانان، بەڵکوو ڕەوتێکی زانستییە و میتۆد و بنەمای لێکۆڵینەوەی خۆی هەیە، کەرەستەی لێکۆڵینەوە و کارکردنی دەق و پێدراوە ئایینییەکانە. ئەم زانستە بەر لە ئیسلام و لە دەرەوەی موسوڵمانانیش هەبووە.

بەلای کەمی لە سەرەتای سەرهەڵدانی لەناو موسوڵمانەکاندا بناغەکەی بەرهەمی میللەتانی تری وەک یۆنانییەکان، کریستیانەکان بووە. دواتر لەناو موسوڵمانەکان سەری هەڵداوە، بەتایبەتی دوای پەیدابوونی گرووپی ڕەوت و مەزهەبی جیاوازی موسوڵمانان. پێویستە ئەوەش بزانین لە کاتی سەرهەڵدانی زانستی کەلامدا لە ناو موسوڵمانان ((زانایانی کەلام و پیاوانی ئایینی ئەو سەردەمە ئاگاداری فەلسەفەی یۆنانی بوون و شتیان لەبارەی دیالۆگ و لۆجیکی ئەو فەلسەفەیە زانیوە))، (حەمید، ٢٠١٣، ل٣٣) و گەشەسەندنی زانستەکەش ((لە دوای ئەو بزاڤەی وەرگێڕانەوە لە پەرتووکی یۆنانییەکانەوە هاتەدی))، (عومەر، ٢٠١٨، ل٧٥).

سەبارەت بە زانستی زمان، ئەوەی تا ئێستا زانراوە، سەرەتای لێکۆڵینەوە لە زمان لە هندییەکانەوە دەست پێ دەکات، کاتێک بۆ پاراستنی کتێبی ئایینی (ڤیدا)، کە بە زمانی سانسکریتی نووسراوە، لەو زمانەیان کۆڵیوەتەوە و

یاسا و وردەکارییەکانی زمانەکەیان بۆ پێڕەوکەران ڕوون کردووەتەوە. پاش ئەوە قۆناغی لێکۆڵینەوە لە زمان لە ناو فەلسەفەدا دەست پێ دەکات، وەک لای یۆنانییەکان، ڕۆمانییەکان، لە سەدەکانی ناوەڕاست وەک لای دانتی، بیکۆن، قوتابخانەی پۆرت ڕۆیاڵ (ئارنۆلد و لانسیلۆت)... تا لە سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی بەهۆی (دی سۆسێر)ـەوە زانستی زمان (زمانەوانی) سەربەخۆیی خۆی وەرگرت. زمانەوانیی نوێ وەک زانستێکی سەربەخۆ و لە پێناوی خودی زماندا لێکۆڵینەوەی دەست پێ کرد.

لە سەرەتادا سەرنجی زمانەوانی زۆرتر لەسەر فۆرمی زمان بوو، واتە لە دیوی دەرەوەی زمان (دەنگ و وشە و ڕستە) دەکۆڵرایەوە. بەشێکیش تایبەت بووە بە لێکۆڵینەوە لە دیوی ناوەوەی زمان (واتا). لە قۆناغی دواتر و لەگەڵ سەرهەڵدانی زمانەوانیی کارەکی و پراگماتیکدا سەرنجی زانستی زمان زیاتر کەوتە سەر بەکارهێنانی زمان و ڕەهەندی کردارەکی زمان لە ناو کۆمەڵگەدا.

هەریەکە لە زانستەکانی (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس) لە فۆرمی زمان دەکۆڵنەوە، واتاسازی (سیمانتیک) لە دیوی ناوەوەی زمان دەکۆڵێتەوە. پراگماتیک لە بەکارهێنانی زمان دەکۆڵێتەوە. زمانەوانیی کارەکی لە بەکارهێنانی زمان و سوودوەرگرتن لە زمان لە بوارە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە...تاد.

## چەمکی زانستی کەلام

لەناو پێناسە جۆراوجۆرەکانی زانستی کەلامدا (ئیبن خەلدوون) وا پێناسەی دەکات، کە ((زانستێکە هەڵگری ئەو بەڵگە عەقڵیانەیە، کە بۆ بابەتی باوەڕبوون بە خوا دەهێنرێنەوە))، (عومەر، ٢٠١٨، ل٦٥)، یان ئەو زانستەیە بۆ بەرگریکردن لە ئایین لە بەرانبەر ئایینی تر لێکۆڵینەوە دەکات. لەسەر ئەو بنەمایە سێ ئەرکی سەرەکییان بۆ ئەم زانستە دیاری کردووە، ئەویش بریتییە لە ڕوونکردنەوەی بناغەکانی بیروباوەڕ و عەقیدەی ئیسلامی، سەلماندنی بیروباوەڕەکان، وەڵامدانەوە و ڕەواندنەوەی گومانەکان، (محمد، ٢٠٠٠، ص٣٤- ٣٧). فراوانتر لەوەش دەگوترێت ((لە هەموو بوون دەکۆڵێتەوە و ڕای خۆی دەربارەیان دەردەبڕێت، بە کورتی ئەو شتانەی، کە پێوەندییان بە شتی میتافیزیکی و سروشتەوە هەبێ و لە سەر بیروڕا ئاینییەکان کاریگەربن))، (حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل١٥). هەموو ئەوانە دەبن بە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی کەلام.

لە ناو موسوڵماناندا دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام، سەرەتاکانی زانستی کەلام دەردەکەوێت، بەتایبەتیش دوای شەڕی نێوان (معاویەی کوڕی ئەبووسوفیان) و (عەلی کوڕی ئەبی تالب)ی خەلیفەی چوارەمی موسوڵمانەکان زەق دەبێتەوە، کە دوای ئەوە موسوڵمانان دەبن بە چەند گرووپێکی جیاوازەوە و هەریەکەیان بیر و تێڕوانینی جیاوازی هەیە. هۆکاری پەیدابوونی ئەم زانستە لە ناو موسوڵمانەکاندا بۆ کۆمەڵێک پاڵنەر دەگەڕێتەوە، وەک: بوونی دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام، هاتنەئارای کۆمەڵێک کاروباری تایبەتی موسوڵمانەکان، گۆڕانی ئایین لە بڕواوە بۆ ئامرازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، موسوڵمانبوونی میللەتە ناعەرەبەکان و خزمەتکردنیان بە ئایینی ئیسلام (کە زۆربەیان خاوەنی پێشینەیەکی کولتووری دەوڵەمەندبوون)، وەرگێڕانی فەلسەفە و کولتووری یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی (حەمید، ٢٠١٣، ل١٢-١٣). لە ناو موسوڵماناندا گرنگترین گرووپە کەلامییەکان بریتین لە (موعتەزیلە، خاریجییەکان، شیعە، ئەشعەری، مورجیئە).

## پێوەندیی نێوان زانستی کەلام و زانستی زمان

لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا بوارە زانستییەکان و بوارە فەلسەفی و کەلامییەکان، فەلسەفە و فیقهـ

و سۆفیزم، ڕەخنە و ئەدەب و تەفسیر و زانستی فەرمووده، زمانناسی و هەموو کایەکانی دیکە، بە شێوەیەکی پتەو پێکەوە گرێدراون (هاوژین، ٢٠١٠، ل٥٦)، بۆیە دەتوانرێت کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش و ڕووی لێکچوون لەنێوان زانستی کەلام و زانستی زماندا بدۆزرێتەوە، بە تایبەتی بەهۆی ئەوەی لە زانستی کەلامدا ((چەمک کراوە بە کەرەستەی بیرلێکردنەوە و توێژینەوە، بۆ نموونە باسی تاکی هەندەکی ئیماندار و گوناهبار نەکراوە، بەڵکوو چەمکی (گوناهبار، ئیماندار) خراوەتە سەر باس و توێژینەوە))، (حەمید، ٢٠١٣، ل٩)، واتە گفتوگۆ و شیکردنەوەکان لەسەر چەمکی زاراوەکانن و لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیاواز بۆ زاراوە و دەقەکان، ڕەوت و گرووپی کەلامیی جیاوازی هێناوەتە ئاراوە، کەواتە پێکچوون لە میتۆد، هاوبەشی لە سنوور و کەرەستەی کارکردن لەنێوان هەردوو زانستەکەدا هەیە. هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە، هەردووکیان زانستن، لەوەش وردتر، هەردووکیان (قسە) دەکەن بە کەرەستەی توێژینەوە بۆ گەیشتن بە جەوهەر و (ڕاستی)ی بابەتەکان.

هەریەک لە زانستی زمان و زانستی کەلام لە ئامانجدا زۆر جیاوازن و هەریەکەیان ئامانجێکی تایبەتی خۆیان هەیە، زانستی زمان لە پێناو هیچ بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیایەکدا لە زمان ناکۆڵێتەوە، وەک ئەوەی زانستی کەلام مەبەستیەتی، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر هاوبەشی و پێکچوونیان لە چۆنیەتیی کارکردن و کەرەستەی لێکۆڵینەوەدا هەیە. لێرەدا لە چەند ڕوویەکی لێکچووی نێوانیان دەدوێین.

**یەکەم: پشت بەستن بە بنەمای عەقڵی و فەلسەفە**

گرووپە کەلامییەکان زیاتر وەک هێڵی فیکریی جیاواز خۆیان دەنوێنن، نەک مەزهەبی ئایینی، واتە ناکۆکییەکان زۆرتر پێوەندییان بە جیهانبینی و کێشەی فکرییەوە هەبووە، زۆر جاریش سیاسی و دنیایی بوونە. کاتێک کێشە کەوتووەتە نێوان موسوڵمانانەوە و بوون بە کۆمەڵ و بەرەی جیاوازەوە ((هەریەک لەو بەرەیە بە ئایەت و فەرمووده و عەقڵ بەرگری لە بیر و بۆچوونی خۆیان دەکرد))، (حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل١٨). لەو کارەشدا بە جۆرێک خوێندنەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەقەکان دەکرد و عەقڵیان دەخستەگەڕ، کە لەگەڵ بەرە و ڕێبازەکەی خۆیاندا بگونجێت، بۆ ئەمەش بنەمایەکی عەقڵی و ئارگۆمێنتی تایبەتیان پێشکەش کردووە.

زانستی کەلام لەناو موسوڵماناندا ((بەشێکە لە بەشە گرنگەکانی فەلسەفەی ئیسلامی))، (هاوژین، ٢٠١٠، ل٧)، یان ((بابەتێکە لە نێوان ئایین و فەلسەفەدا))، (حەمید، ٢٠١٣، ل٣٢)، تەنانەت هەندێک باوەڕیان وایە ((کە هەموو زانستی کەلام لە فەلسەفە وەرگیراوە، تەنیا بەشی (السمعیات) نەبێت))، (عومەر، ٢٠١٨، ل٧٠)، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە، کە لە هەموو پرسێکدا لەگەڵ فەلسەفەدا کۆکە، چونکە زانستی کەلام بە شێوەیەکی ئیستینتاجی هەوڵی سەلماندنی بیروڕایەکی لەپێشینە دەدات و بۆ وردەکاری شۆڕدەبێتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێک، کە پێشەکی بەپێی دەقێک، یان ئیمانی ئیماندار بڕیاری لێ دراوە، لەوەشدا پشت بەو بەڵگانە دەبەستێت، کە لە سوودی بابەتەکەی خۆیدایە، بەڵام لە فەلەسەفەدا بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی ئیستیقرائی عەقڵ فەیلەسووف بۆ کوێ ببات لەوێدا دەوەستێت، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات ئەو ئەنجامەی پێی دەگات لەگەڵ چ بیروڕایەک، یان دەقێکدا کۆکە، یان ناکۆک.

(ئیبن خەلدوون) بەم جۆرە پێناسەی زانستی کەلامی کردووە: ((ئەو زانستەیە، کە

بە بەڵگەی عەقڵی ڕاستی و دروستی بیروڕا ئایینییەکان دەخاتەڕوو))، (حەمەکەریم، ٢٠١٠، ل١٤). هەر بە ڕای ئەو، زانستی کەلام ئەو کاتە سەری هەڵدا، کە موسوڵمانەکان بۆ لێکدانەوەی مەسەلەکانی بیروباوەڕ پەنایان بۆ سەلماندنی عەقڵی و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی خۆیان بەست (هاوژین، ٢٠١٠، ل١٤)، ئەمەش هەمان ئەو بنەمایەیە، کە فەلسەفە پشتی پێ دەبەستێت، ئەگەرچی لە ئامانجدا جیاوازن. کەلامزانەکان وەک فەیلەسووفەکان عەوداڵی حەقیقەت نین و وەک ئەوان دان بە ڕاستیی بەدەستهاتوودا نانێن، بەڵکوو ئامانجی ئەوان بەرگریکردن و سەلماندنی بیروباوەڕە ئایینییەکانە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی کەلامزانەکان دەست لە بنەمای عەقڵی هەڵگرن. ئەوان بۆ سەلماندنی ڕایەکانیان فەیلەسووف ئاسا مامەڵە دەکەن، بۆیە (ئیبن ڕوشد) باوەڕی وایە ((هەموو ئەو دەقانەی، کە لەگەڵ عەقڵدا ناگونجێن، پێوستە تەئویل بکرێن و نابێت مانایەکیان لێ وەربگیرێت، کە لەگەڵ عەقڵدا نەگونجێت))، (هاوژین، ٢٠١٠، ل٤٢). بەگشتی لەناو موسڵمانەکاندا کەلامزانەکان ئەرکیان ئەوە بووە، عەقڵ بخەنە خزمەتی دینەوە و بۆ باوەڕپێهێنانی نەیاران و پووچەڵکردنەوەی ئارگۆمێنتەکانیان بەکاری بهێنن (فیصل، ١٩٧٧، ص٤١).

موعتەزیلەکانیش، کە زۆر کەس بە دامەزرێنەری زانستی کەلامیان دادەنێن لە ناو موسوڵمانەکاندا، جەخت لەوە دەکەنەوە کە ((عەقڵ دەبێت ڕۆڵی بنەڕەتی ببینێت لە یەکلاکردنەوەی کێشە کەلامییەکاندا و لەم ڕووەوە عەقڵ لە پێش شەرع و نەقڵەوەیە))، (هاوژین، ٢٠١٠، ل٥٧). ئەم بنەمایە لای کەلامزانەکانی (جوولەکە و گاور) یش پەیڕەوکراوە (یحیی، ٢٠١٥، ص١١).

زانستی زمانیش لەگەڵ ئەوەی وەک کۆمەڵێک زانستی تر لە کۆندا لە چوارچێوەی فەلسەفەدا کاری تێدا دەکرا، ئێستاش لەگەڵ فەلسەفەدا پێوەندیی نەپچڕاندووە، بەتایبەتی واتاسازی، چونکە ((فەلسەفە و واتاسازی پێوەندییەکی بەیەکداچوویان بەیەکەوە هەیە، هەریەکەیان لەناو ئەوی تردا دەبینرێتەوە))، (عەبدولواحید، ٢٠١٠، ل٢١)، تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش لێکۆڵینەوە لە بابەتی زمان بەگشتی و واتا بەتایبەتی بە فەیلەسووف و ئەنترۆپۆلۆجییەکان سپێردرابوو.

لەگەڵ پەیدابوونی فەلسەفەدا هەردەم یەکێک لە بابەتەکانی فەیلەسووفان، زمان بووە، هەر لە ئەفلاتوون و ئەرستۆوە تا بە چۆمسکی دەگات، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە بابەتی لێکۆڵینەوە لە زمان بابەتێکی فەلسەفییە. تەرزە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە لە زمان لای هندییەکان، پاشان لای یۆنانییەکان بەدەرکەوت. لای یۆنانییەکان بابەتی پەیوەست بە زمان هەمیشە جێی پرسیاری فەلسەفە بووە، لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە لە جەوهەری زمان، سەرچاوەی زمان، پرۆسەی ناون، بەهێمابوون... دواون، بۆ نموونە پێوەندیی نێوان (ناو) و (ناولێنراو) یەکێک بووە لەو بابەتانەی مشتومڕی زۆری لەسەر بووە، هەر لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و سەردەمی (ڕەواقییەکان) و (ئەسکەندەرییەکان) و تا ماوەیەکی زۆر دوو دەستە بۆ بوون و نەبوونی پێوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو ئارگۆمێنتی عەقڵانییان پێشکەش کردووە. لە چەرخی ڕاپەڕیندا لێکۆڵینەوە واتاییەکان شێوەیەکی لۆجیکییان وەرگرت، بەتایبەتی لای قوتابخانەی (پۆرت ڕۆیاڵ)، کە پێیان وایە زمان بنچینەی عەقڵە و ئەو سیستەمەش کە باڵی بەسەر زماندا کێشاوە عەقڵ و لۆجیکە.

زمان هەمیشە لای فەیلەسووفان بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارگەلی فەلسەفە لەمەڕ مرۆڤ و حەقیقەتی مرۆڤ کەرەستەیەکی گرنگ بووە. بنەما عەقڵی و لۆجیکییەکانیش لە زۆر قۆناغ

و لای زۆر فەیلەسووف و زمانەوان بۆ زانینی نهێنییەکانی زمان و فەلسەفەی زمان پشتیان پێ بەستراوە. بەهۆی پێوەندیی پتەوی نێوان زمان و بیر هەمیشە زمانەوانان و فەیلەسووفان ڕووبەڕێکی هاوبەشی کارکردن لە نێوانیاندا هەبووە. زۆر لەوانەی کاری گرنگیان لە بواری زمانەوانیدا کردووە، لە بنەڕەتدا فەیلەسووف بوون، وەک (سۆسێر، چۆمسکی، چارلس مۆریس، ئۆستن، سێرڵ...).

**دووەم: شیکردنەوەی دەق لە هەردوو زانستەکە**

بەگشتی هەر کاتێک قسە لەسەر سەرەتاکانی زمانەوانیی عەرەبی دەکرێت، باس لە هەندێک کاری وەک دروستکردنی فەرهەنگ و کۆکردنەوەی وشەی هاوواتا و پاشان هەندێک کاری تایبەت بە بواری دەنگسازی دەکرێت، کە بە پاڵنەری ئایینی و لە پێناوی دروست خوێندنەوەی قورئاندا کراون، بەڵام ئەگەر سەیری کەرەستە و میکانیزمی کارکردنی کەلامزانەکان بکەین، دەبینین کە ئەو کارەی ئەوان بریتییە لە بوارێکی گرنگی زمانەوانی بەگشتی و واتاسازی و پراگماتیک بەتایبەتی. ڕێژەیەکی زۆری کارەکانیشان دەچێتە چوارچێوەی شیکردنەوەی دەقەوە.

دەقی ئایینی خاڵی دەستپێک بوو بۆ کاری کەلامزانەکان و هۆکارێکی سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەم زانستەیە (فیصل، ١٩٧٧، ل٤٤)، چونکە کەلامزانەکان بە دوای حەقیقەتی مەسەلە دینییەکاندا دەگەڕان، بۆ ئەو مەبەستە ئارگۆمێنتیان پێشکەش دەکرد (پێوەندییەکی بەهێزیش لە نێوان زمان و ئارگۆمێنتدا هەیە، مەبەستی ئارگۆمێنت گەیشتنە بە حەقیقەت، حەقیقەتیش تەنیا لە زماندا دەردەکەوێت، بۆیە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان زمان بە سەنگی مەحەک دادەنرێت، باشترین هۆکاریشە بۆ تێگەیشتن لە دەقە ئایینییەکان)، (یحیى، ٢٠١٥، ص٧٤).

لەسەر ئەو بنەمایە یەکێک لە میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی کەلام بریتییە لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی دەقەکان، چونکە ((لە قورئاندا ئایەت، چەمک و بابەت هەبوون، ڕوون نەبوون و خەڵک وا بە ئاسانی لێیان تێنەدەگەیشتن ... لێکدانەوەی ئەو جۆرە دەقانە دەرگەی پەیدابوونی زانستی کەلامیان خستووەتە سەر پشت و کەشوهەوایەکی وتووێژ و توێژینەوەی ئازاد و نووسین و لێکدانەوەی دەستەبەر کردووە))، (حەمید، ٢٠١٣، ل٣٤). لەبارەی ناونانی زانستی کەلامیشەوە زۆر کەس باوەڕی وایە، بۆیە ناونراوە کەلام، چونکە گرنگترین کەرەستەی توێژینەوەی ئەم زانستە کەلام (قسە) ی (خودا)یە، واتە زانستی کەلام، قسەکردنە لە سەر قسەی خودا و دەقە ئایینییەکان بەگشتی و شییکردنەوەیانە، بەڵام لەسەر بنەمایەکی عەقڵی. لە هەموو ئایینێکدا سەرچاوەی باوەڕ و حوکمەکان دەقی پیرۆزی ئایینەکەیە، بۆیە هەموو زانستە ئایینییەکان خەریکن لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقە پیرۆزەکانەوە تێگەیشتن و بنەماکانیان بنیاددەنێن.

لە زانستی کەلامدا تەنیا ئەو مەسەلانە دەبن بە بابەتی لێکۆڵینەوە، کە ڕاستەخۆ و ڕاشکاوانە قسەیان لەسەر نەکراوە و مەسەلەگەلێکی وان، کە قسەی تر هەڵدەگرن و پرسیاریان لەسەر دادەنرێت. زانستی کەلامیش ئەو پرسیار و قسە و ئەرگۆمێنتانەیە کە لەبارەی ئەو دەقانەوە دەکرێن. تایبەتمەندییەکی تری مامەڵەی کەلامزانەکان لەگەڵ دەقدا ئەوە بووە کە ئەوان ((واتا و مەدلوولی کەرەستەیی و مادەیی وشەکانیان لە واتای ڕاستەوخۆی زمانەوە بەرەو واتای دەلالەتی سیمبۆلی بردووە، کاتێک ئەو وشانەی لە قورئاندا هاتوون بە جۆرێکی تایبەتی لێکیان داونەوە و شرۆڤەیان کردوون))، (حەمید، ٢٠١٣، ل٥٠)، واتە لە شیکردنەوەکاندا گەڕاونەتەوە بۆ بەهای کۆمەڵایەتیی

هێما زمانییەکان و لە شیکردنەوەدا بۆ دەوروبەر گەڕاونەتەوە و تەنیا شیکردنەوەی سیمانتیکییان بۆ دەقەکان نەکردووە، بەڵکوو واتای پراگماتیکی و گوتاری پشت دەقەکانیشیان دیارکردووە. هەموو ئەم کارانەش جێی بایەخی زانستی زمانن و لە ژێر ناوی (دەقناسی)دا توێژینەوەی تێدا دەکرێت.

دەقناسی یەکێکە لە بوارەکانی زانستی زمان، کە تێیدا بە ڕێگەیەکی تایبەت شیکردنەوە بۆ دەق دەکرێت وەک یەکەیەکی واتایی. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بەشێکە لە شیکردنەوەی زمان بە گشتی و لە پێناو پەیبردنە بە نهێنییەکانی بەکارهێنانی زمان بە شێواز و فۆرمی جیاواز. شیکردنەوە و دیاریکردنی واتای ڕووکەشی کەرەستە پێکهێنەرەکانی دەق دەبێتە شیکردنەوەی سیمانتیکی دەق، لە کاتی گەڕانەوە بۆ دەروبەر و بەستنەوەی دەق بە دەروبەر و دۆزینەوەی مەبەستە شاراوەکانی دەق دەبێتە شیکردنەوەی پراگماتیکیی دەق. لەم بوارەدا زانستی زمان کۆمەڵێک ڕێبازی جیاوازی خستووەتە بەر دەستی لێکۆڵەران، کە هەر یەکەیان بە شێوەی جیاواز مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات، وەک ڕێبازی (فۆرمالیستی، ڕۆنانکاری، کۆمەڵایەتی....).

(نەقڵ و قیاس)، یەکێکە لە میتۆدە کەلامییەکان، گەڕانەوە بۆ (قیاس) گەڕانەوەیە بۆ بەراوردکردن و دۆزینەوەی بەرئەنجامی لۆجیکی و عەقڵانی. سەبارەت بە (نەقڵ)، وەک پێشتر باسکرا، بیر و تیروانینی کەلامزانەکان بە پلەی یەکەم لە (نەقڵ- دەق)ـە (پیرۆز)ـەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش لە شیکردنەوە و لێکدانەوەیانەوە بەدەست دەخرێت، واتە کەلامزانەکان ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دەق و شیکردنەوەی دەقدا دەکەن، ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە بنەماکانی کارکردن لە زانستی زماندا. بە گشتی بوونی ئەو ژمارە گرووپە جیاوازانەی کەلام، بە واتای بوونی تێڕوانینی جیاواز بۆ بابەت و مەسەلە جیاوازەکانی تایبەت بە دنیا و قیامەت دێت، ئەمەش لە ئەنجامی تێگەیشتنی جیاواز بۆ دەق و چەمکە جیاوازەکان و هەڵوێستە جیاوازەکانی پێشینانیان هاتووەتە ئاراوە، واتە تێگەیشتنی جیاواز لە دەق و دەلالەتەکانی سەبارەت بە پرس و بابەتە جیاوازەکان بنەمای جیاوازیی دنیابینیی هەریەک لەو گرووپە جیاوازانەیە و دابەشی کردوون.

یەکێکی تر لە میتۆدە کەلامییەکان (میتۆدی ئیزۆتریکی)یە، بەپێی ئەم میتۆدە زۆر لە کەلامزانەکان، بەتایبەتی سۆفییەکان باوەڕیان وایە ((هەموو دەقەکانی قورئان و دەقە پیرۆزەکان، دەر و ناویان هەیە، مانایەکی دەرەکی و مانایەکی ناوەکی و ئیزۆتریکییان هەیە))، (هاوژین، ٢٠١٠، ل١٢٣). حەقیقەت و ئاستی باڵاش لە واتای ناوەکیدا بەرجەستە دەبێت. ئەم بیرۆکەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە زانستی زمان، بەتایبەتی لای چۆمسکی، دووبارە بووەتەوە و لە ڕوونکردنەوەی نهێنییەکانی زماندا پشت بەم بنەمایە بەستراوە. چۆمسکی پێی وایە ڕستە (زمان) دوو ئاستی هەیە، ئاستی سەرەوە و ئاستی ژێرەوە، ڕۆنانی ژێرەوە بریتییە لە ڕۆنانی ئایدیایی سینتاکسی ڕستە، واتە ڕۆنانی بنەڕەتیی ڕستەیە، مەبەست و واتای ڕستەی تێدایە، بەڵام ئاستی سەرەوە ئاستی دەرکەوتووی ڕستەیە و بەهۆی زۆری شێوازی ڕۆنان و ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە، دەکرێت بیرۆکەی ئاستی ژێرەوە وەک خۆی نەگەیەنێت.